# ئەفسانەی دروستبوونی ( گەردون و مرۆڤ و ئاژەڵ ) لە خۆرهەڵاتی ئیسلامی لە دیدی گەڕیدە و وڵاتناسە موسڵمانەکان (المسعودي و البيروني) وەك نمونە

پ.د. صلاح کانبی اسماعیل
salah.ismail@univsul.edu.iq
بەشی مێژوو/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
زانکۆی سلێمانی

م.ی.شیما بكر عبدالله
shima.abdalla@univsul.edu.iq
بەشی مێژوو/ کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان
سەیدسادق/ زانکۆی سلێمانی

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٤\٤\٢١
ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤\٥\١٣

**کلیلە وشە:**
ئەفسانە (الاسطورة)، گەردون، مرۆڤ و ئاژەڵ، کاریگەری

**پوختە :**
ئەفسانە هەر لە دروستبوونییەوە شانبەشانی مرۆڤ هاتووە و ئێستاش هەر یاوەرێتی، لە هەر ئەفسانەیەکدا ئەو بڕوا و پەند و نەریتانە دەیگرێتەخۆ کە نمایندەی خاوەنەکانیتی، هیچ نەتەوەیەك نییە کە ئەفسانەی تایبەت بە خۆی نەبێت، جا ئەو نەتەوانە بن کە لە ئاستێکی شارستانی باڵادان، یان ئەوانە بن کە لە نەهامەتیدان، کەواتا دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی بکەین و بڵێین ئەفسانە ئامرازێکە بۆ دەربڕینی ئارەزوو و بیرکردنەوەکانی ناخی مرۆڤی کۆن و ئەو وێنانەی کە لە ئەنجامی پرۆسەی دەرچوونی ئەو پاڵنەرانەی ناخەوە دروست دەبن کە تا ڕادەیەك هاوشێوەی ئەو وێنانەن کە لە کاتی خەوبینیندا دروست دەبن و دواجار ئیتر لە خۆیانەوە دەبن بە چیرۆك. بە هەر حاڵ ئەو ئەفسانانە نیشاندەری بەشێکی گەورەی ئەو کەلەپوورە نەتەوەییەن کە خەڵکەکە نەوە لەدوای نەوە وەریدەگرن و تێکەڵ بە ناخ و دەروونیان دەبێت تا ئەو ڕادەیەی کە دەبن بە لایەنێکی کارا لە پێکهاتەی هزری و ڕۆحییاندا و تەنانەت لە گشت لایەنەکانی ژیانیاندا، بێگومان گشت ئەو ئەفسانانەش بنەمایەك لەڕاستییان تێدایە، بەڵام بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار ئەندیشەی مرۆیی بەرگێکی خەیاڵی کردووە بە بەری ئەو ڕاستییانەدا تا ئەو ڕادەیەی کردوونی بە بابەتێك کە دووربن لە ڕاستییەوە. کاراکتەرەکانی ئەفسانەی هەر میللەت و نەتەوەیەکیش ئەم جۆرانە بەگشتی لەخۆدەگرێت ـ کە دەشێت کاراکتەر و بابەتی یەزدانی، ئەفراندن و دروست بوون، پاڵەوانێتی، ئەویندارى، ئاکاری، یان کۆمیدی بن.
کۆنترین ئەو ئەفسانانەی کە مرۆڤ دایناون ئەفسانەکانی ئەفراندن بوون کە بە دڵی خۆی و لەڕێی خەیاڵەوە ئەو دروستکەرەی وێنا دەکرد و پاشان وەك ئەفسانە هۆندییەوە و باسی لەوەش کرد کە چۆن زەوی و ئاسمانی دامەزراندووە و

چۆنیش بوونەوەرەکان بە گشت شێوە جیاوازەکانیانەوە پەیدابوون و ئەم گەردوونەیان ئاوەدانکردۆتەوە. ئەم توێژینەوەمان پێکدێت لە : پوختە، پێشەکی، سێ تەوەر، ئەنجام و پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان، تەوەری یەکەمان تایبەت کردووە بە (ناساندنی چەمکی ئەفسانە)، تەوەری دووەم باسمان لە (ئەفسانەی دروست بوونی (گەردون و یەکەم مرۆڤ و ئاژەڵ))کردووە، تەوەری سێیەم و کۆتایش(کاریگەری و لێکەوتەکانی ئەفسانەی دروست بوونی (گەردون و مرۆڤ و ئاژەڵ) لەسەر کۆمەڵگا) لە خۆدەگرێت.

**پێشەکی :**

هەندێك کەس ئەوە لە مێشکیاندا چەسپاوە کە ئەفسانە لەو چیرۆکانە بەدەر نییە کە لە شەوانی درێژ و ساردی زستاندا لەبەر سۆپادا خەڵکی دەیگێڕنەوە و بەدەر لە خۆشی و ڕابواردن و کات کوشتن هیچ ئامانجێکی دیکەی نییە. ئەوە بۆچوونی کەسانێکە کە بەهەڵە لێی تێگەیشتوون و وادەزانن ئەفسانە تەنیا خورافەیە و نەڕاستی تێدایەو نەئامانجیش لەخۆدەگرێت، تەنیا کۆمەڵێك خەیاڵی سەیر نەبێت کە هەر بۆ منداڵ باشن. بەڵام بەپێچەوانەوە، ئەفسانە نەیدەتوانی ببێتە ڕەگەزێکی بەهێز لە بنیاتنانی ئەدەبی جیهانی نەمر، هەروەها نەشدەبوو بەو بنچینە و ڕەگ و ڕیشانەی کە ئەو گشت پەلوپۆ ڕەنگاوڕەنگ و جۆراوجۆرانەی ئەدەب و هونەری لێوە دەربچێت. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لێکۆڵینەوەی زانستی بە زمانی کوردی لەسەر ئەم بابەتە نەکراوە، بۆیە توێژەر گورجانە ئارەزووی کارکردنی لەم بوارەدا لا گەڵاڵە بوو لە پێناو خزمەتکردنی زانست و زانیاری و ئاشناکردنی خوێنەرانی کورد بەم بوارە، ئامانج لەم توێژینەوەیە، دەرخستنی ڕۆڵی ئایینە لە بەرهەمهێنانی ئەفسانە و لێکەوتە و کاریگەرییەکانی ئەفسانەشە بەسەر کۆمەڵگا، بەتایبەتی لەڕوی پزیشکی میللییەوە، کێشە و گرفتی توێژینەوەکەمان بریتییە لە نەزانینی زمانی پەهلەوی کە زمانێکی کۆنی ئێرانیە و کتێب و دەقە پیرۆزەکانی پێ نوسراوە، یاخود نەبوونی کەسێك لە ناو کوردا کە ئاشنای بە زمانی ناوبراو هەبێت، چونکە پێمانوایە زانینی ئەو زمانە پەردە لەسەر زۆر ڕاستی و نهێنی شاراوەی بابەتی توێژینەوەکەمان لادەدا. بۆ ئەم توێژینەوەیە پشتمان بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژوو دەبەستین، کە ئەویش بریتییە لە خوێندنەوەی بەسەرهات و ڕووداوە مێژووییەکان لە دوو توێی سەرچاوەکان، بە دواداچون بۆیان و لێکۆڵینەوەیان، دەرخستنی لایەنی دروست و نادروست تیایاندا، ئەویش لە ڕێگەی بەراوردکردنیان و گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکانی گەڕیدە و وڵاتناسەکان، ئەوانەی ڕووداوەکانیان بە چاوی خۆیان بینیووە، یاخود لەو ماوەیەدا ژیاون کە لێکۆڵینەوەکەی لەسەر دەکەین، یان لە سەردەمانێکی نزیك لەو سەردەمە ژیاون، یان گوێیان لێ بووە واتا دەماودەم بۆیان گوازراوەتەوە و بیستوویانە، پاشان شرۆڤەکردنیان، هەروەها سود مان لە ڕێبازی وەسفی شیکاری وەرگرتووە، بە هەمان شێوە پشت بەستن بە ڕاڤە و شرۆڤەی سەرچاوە و نوێکان بۆ گەیشتن بە ڕاستی ڕووداوە مێژوویەکان و خستنە ڕوویان.

**تەوەری یەکەم/ ناساندنی چەمك و زاراوەی ئەفسانە (الاسطورة):**

لە ڕوی زمانەوانییەوە ئەفسانە لە وشەی (سطر) کە بە واتای نوسین دێت داڕێژراوە( الفراهيدي، د.ت، 210/7؛ابن منظور، 1414، 363/9)، لە قورئانی پیرۆزیشدا خودای گەورە دەفەرمێت : ﴿ ن ۚ وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ ﴾ (1)( القلم، 1)، وشەکە لە زمانی عەرەبەوە وەرگیراوە و کۆکەی"اساطير"ە، بە زمانی ئینگلیزیش پێی دەگوترێت"myth" (مهرداد،1381 ، 343؛مسکوب، 1401،22). مەبەست لێی زانستی میثۆلۆجیە(آموزگار، 1374،1-2).

بە شێوەیەکی گشتی ئەفسانە بریتییە لە گێڕانەوەیەکی پیرۆز کە بابەتی سەرەتای بوون و ئەفراندنی مرۆڤ لە خۆ دەگرێت و ئەو ڕووداوە سەرسوڕهێنەرانەش باس دەکات کە هاوکات بوون لە تەك پرۆسەی ئافراندنەکەدا

sjh@univsul.edu.iq
SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

(کریمر،2021،13)، واتە دەربارەی جیهانێکی تر، سروشت، خوداکان، شەیتانەکان، دروست بوون و بنەڕەتی مرۆڤ و پلە و شوێنی لە ئێستا و پێویستی ژیانی ماددی و مەعنەوی ( مسکوب،19-20، 1401؛حەسەن،2004،131)، پێشین و ڕابردوو قسە دەکات ( کڵۆس،2002،188) واتا ئەفسانە دەستی بۆ زۆر شت بردووە و لە هیچ سنورێك نەپەنگاوەتەوە (حەسەن،2004،10). بۆ تێگەیشتنی زیاترمان وا دەخوازێت هەوڵ بدەین لە شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤی هاوچەرخ و شارستانیەت دوربکەوینەوە و وازی لێبهێنین و لەو ژیان و ژینگەیە بێینە دەرەوە هەوڵ بدەین خۆمان لە بەرامبەر هەمان سروشتی مرۆڤی کۆن دابنێین. (بهار مهرداد) یەکێکە لە توێژەرە فارسە بەتواناکانی بواری زانستی ئەفسانە و چەندین پەرتووك و توێژینەوە و وتاری لەم بارەیەوە هەیە و دەڵێت: " ئەفسانە هێما و سیمبولی پێداویستی و ئارەزووە قوڵە دەرونییەکانی مرۆڤە لە سەردەمی کۆن و گێرانەوەیەکە دەربارەی خودایان، بونەوەرە سەرو سروشتەکان، ڕوداوە سەیر و سەمەرەکان، سەرەتای زەمان(دروستبوونی کەون)و هەروەها پاڵەوانان و پەیدابوونیان و کەسایەتیان و توانا و جوڵە و شۆڕشەکان"( مهرداد،1381،371)، واتا کۆشش و هەوڵی ئەندێشە و زهنی مرۆڤە لە سەردەمی کۆن بۆ ڕونکردنەوەی دیاردە سروشتیەکان کە مرۆڤ هەمیشە ڕووبەڕووی بۆتەوە، ئەمانەش هێما و گریمانەی زهنێکی سادەن کە بە یەکتاپەرستی ئاشنا نەبوون و وەڵامی دیاردە نا دیارە سروشتیەکان بوون(ودا،1372،9). کەواتە ئەو بنچینەیەیە کە ڕۆشنبیری گەلانی لەسەر بنیادنراوە(ألبیدیل ،2004،23).

هەر بۆیە دەتوانین بڵێین پێش ئەوەی فەرمان و کردارێکی کۆمەڵایەتی بێت فەرمان و کردارێکی ناوەکی و دەرونی بووە و هەروەها پەرچەکردارێك بووە لە ئاست لاوازی خۆی و لە بەرامبەر بەهێزی سروشت و شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤە لە سەردەمی کۆن (آموزگار،1374،1-4)، هەروەها ئەفسانە و مێژوو لە زۆر بابەتدا تێکەڵی یەکتر بوون (مسکوب ،1401،24-31) چونکە ئەم شێوە لە باوەڕی میللیی مێژوویەکی پیرۆز دەگێڕێتەوە (مهرداد،1381،369) تاکو بە پوختی بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوازرێتەوە (الأجتماعیة،2009،28؛ کڵۆس،2002،188)، هەر بۆیە مێژوو بە یەکێك لە کۆنترین ڕێگاکانی ڕاڤەکردنی دادەنرێت لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە شیکارییە هەوڵ دەدات بناغە و ڕەگە مێژوویەکانی ئاشکرا بکات، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئێمە ناتوانین مێژوو لە گێرانەوە ئەفسانەییەکان دابماڵین، چونکە هەرچەندە ئەفسانە هی قۆناغی پێش مێژووی واقیعییە، بەڵام گوزارشت لە بۆچونێکی دیاریکراو دەکات سەبارەت بەو مێژووە و بیرکردنەوەیەکی دیاریکراوە سەبارەت بە ژیان، بە دەستەواژەیەکی دیکە مێژووی لە واقع بەتاڵکردۆتەوە و بە سروشت پڕیکردۆتەوە (مسکوب،1401،23؛کڵۆس،2002،188).

بۆیە دەتوانین بڵێیین ئەوە ئەفسانەیە کە سەرجەم مرۆڤایەتی لە سەردەمی جۆراوجۆری مێژوو هەنگاو بە هەنگاو ڕێنمای و ڕابەری کردووە و بە کۆنترین و گەورەترین دڵداری مرۆڤ دادەنرێت (راوندی،1997،457/9). کەواتا ئەفسانە دونیای هاوبەشی هەر میللەتێك بوو کە ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکان، بەسود و ترسناکەکانی ئامادە دەکرد و پەیوەندی مرۆڤی بە یاساکانی سەرو سروشتەوە تۆمار دەکرد، واتا مرۆڤ هەوڵی دەدا لە ڕێی ئەمەوە دژیەکەکانی ژیان وەکو مردن و ژیان، چاکە و خراپە، سود و زیان، زەوی و ئاسمان چارەسەر بکات، چونکە وەك ئاشکرایە مرۆڤ ئارەزووی مانەوەی هەتایی دەکات (مسکوب،1401،19-22؛کڵۆس،2002،19). لێرەوە ئەفسانە بوو بە زمانێك بۆ دەربڕینی پێویستیە ماددی و مەعنەویەکانی یاخود کۆمەڵایەتی و ڕۆحیەکانی مرۆڤ (مسکوب ،1401،27). یاخود ڕووداوێکی مێژوویە جا ئەو ڕووداوە دەستی مرۆڤی تێدا بوویێت یان سروشت یان ئاسمان بە مەرجێك کاریگەری ڕاستەقینەی لەسەر مرۆڤ هەبوویێت، کەواتا ئەم فۆرمەی باوەڕی میللیی دەکرێت لە پشت بەستنیدا بە ڕووداوی

مێژوویی بەشێك لە ڕاستی مێژوویمان بۆ دەگێڕێتەوە کە دەشێت بە هۆی تێپەڕبوونی ڕۆژگاری زۆرەوە هەندێك لایەنی شاردرابێتەوە، یان شتی زیادە یان خەیاڵیی بۆ زیادکرابێت (الأجتماعیة،2009،40-42).

کاراکتەرەکانی ئەفسانە بریتین لە خوداوەندەکان، پاڵەوانەکان، بابەتەکانی دروستبوون و گەردوون، هەروەها ململانێی هێزەکانی چاکەکاری و خراپەکاری(خێر و شەڕ) ( آموزگار،1374،4؛السواح،12؛ مسکوب ،1401،20؛حەسەن، 2004،21)، بەو مانایەی پڕە لە بابەتی جۆراوجۆر و دژبەیەکەکان (حەسەن،2004،32)، کەواتا ئەفسانە وێنە و خەیاڵ دەربارەی ئاسمان، زەوی، دیاردە سروشتیەکان و بوون و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودا و باشی و خراپی و ئەرکی مرۆڤ لە جیهاندا و کاریگەریەکەی لەسەر چارەنوسی دوای مردن بەیەکەوە لە خۆ دەگرێت لێرەوە تێبینی دەکەین ئەفسانە گێرانەوەیەکە دەربارەی جۆرێك لە باوەڕ بە ئەو دیو سروشت، هەر بۆیە کاتێك دەربارەی ئەم چەمکە قسە دەکەین ڕاستەوخۆ سەرەنج و ڕوانینمان بۆ ئایین دەچێت چونکە ئەفسانەکان زۆربەیان بە ئایینەکان تەواو و کامڵ بوون و دواتر پێکەوە هاوڕێ و هاوتەریب ڕۆشتوون (مسکوب ،1401،20-22).

مرۆڤ کاتێك لە شتە ناڕوونەکانی دەوروبەری خۆی ووردبووەتەوە، ئیتر بە هەڵە پێی وابوە کە گشت شتێکی دەوروبەری هەمان ئەو تایبەتمەندییانەی خۆی هەیە، هەروەها گریمانەی ئەوەی کردووە کە گشت تەنە نازیندەکان و ڕووەك و خوداوەندەکانیش گشت ڕۆحیان هەیە و هەر هەمووشیان تەواو وەك مرۆڤ ڕەفتاردەکەن، هەستی خۆشویستن و ڕکلێبوونیان هەیە، هەروەها قایلبوون و تووڕەبوون. بە کورتییەکەی هەرشتێك کە مرۆڤ دەیکات ئەوانیش دەیکەن، بۆ نمونە وا بیری کردۆتەوە کە چوار وەرزەکەی ساڵ یەزدانی خۆیان هەیە و هەریەك لە با و گەردەلول و خۆشەویستی و ڕق و کینە و نەخۆشی خوداوەندی خۆیان هەیە و ئیدی مرۆڤ لە ڕێگەی بەڵێنی چاکە و قوربانیەوە خۆی لەو خوداوەندانە نزیك دەکاتەوە، ئەوەش بە گشتی واتای ملکەچبوون بۆ هێزێکی لە ئەوان بە شکۆدارتر و لاوازی مرۆڤ دەگەیەنێت. ئەمە ڕێگەمان بۆ خۆش دەکات تا بڵێن ئەفسانە کاتێك دروست دەبێت کە ئەندێشەی مرۆڤ بتوانێت دیاردەیەکی سروشتی هاوشێوەی مرۆڤ بکێشێت (ودا،1372،19). واتا ئەندێشە و هزری مرۆڤی ئەو سەردەمە وەك وێنەکێشێك بووە و هەر دیاردەیەکی سروشتی لە وێنەی تابلۆیەکی یەزدانی بە ڕەنگی جیاواز بۆیە کردووە. کاتێك مرۆڤ دەستی بە لێکدانەوەی ئەو هێزانە کردووە، ئیتر هەر شتێکی نا ئاسایی لەئەو هێزانەدا بەرجەستە دەکرد کە هەستپێیدەکردن، بەڵام گەلێك جار نەیدەتوانی بەو ڕاستییانە بگات، ئیتر وەك کاری هێزێك لێی دەڕوانی و کاری بۆ ئەوە دەکرد کە ئەو خاوەن هێزە لێی ڕازی بێت، ئەوەش لەڕێی پێشکەشکردنی قوربانییەوە بوو. بە هۆی سنورداری توانای مرۆڤ لە تەفسیری هێزی دیاردە سروشتیەکان، هێزی باڵا لە لای مرۆڤ بەرهەمهێنرا (مظهر،2000،6).

ئەم زاراوەیە - واتا ئەفسانە - لە نۆ سورەتی قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە هەشت لەو سورەتانە مەککەیین و یەکێکیان مەدینەییە[2] ئەمەش بەڵگەیە بۆ پابەند بوونی خەڵکی مەککە بە ئەفسانە کۆنەکانەوە. ئەو قەڵەمڕەویەی ئەفسانە لە ڕابردوودا هەیبوو هیچ شتێکی پێناگات مەگەر ئەو قەڵەمڕەوی زانستی ئەم سەردەمە نوێیە لەبەرئەوەی توانا و هێزێکی زۆری هەبووە کە چارەسەر و لێکدانەوەی بۆ دیاردە سروشتی و مرۆییەکان پێ بووە، ئەمەش بۆتە هۆی دەوڵەمەندبوون و هەمە جۆرێتی پێکهاتەکەی لە ئەنجامی هێزە لە ڕادەبەرەکەی (حەسەن،2004،31-48). پەیدابوون و دروستبوونی ئەفسانە تا سەردەمی یەکتاپەرستییە، چونکە ئەم فۆرمە لە باوەڕە میللییەکان پەیوەندی لەگەڵ هۆزی سەرەتاییە، چونکە ئەفسانە لە سەردەمی یەکتاپەرستی دەوەستێت هەر بۆیە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا مرۆڤ ناتوانێت دروستی بکات(گلشیری،1401،16-18). مێژوو بە یەکێك لە کۆنترین ڕێگاکانی ڕاڤەکردنی ئەفسانە دادەنرێت لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە شیکارییە هەوڵ دەدات بناغە و ڕەگە مێژوویەکانی ئاشکرا بکات (مسکوب،1401،23؛کلۆس،2002،188)، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئێمە ناتوانین مێژوو لە ئەفسانە دابماڵین، چونکە هەرچەندە ئەفسانە بەرهەمی قۆناغی پێش مێژووی واقیعییە، بەڵام گوزارشت لە بۆچونێکی دیاریکراو دەکات سەبارەت بەو مێژووە و بیرکردنەوەیەکی دیاریکراوە سەبارەت بە ژیان، بە دەستەواژەیەکی دیکە ئەفسانە مانای داماڵینی ڕەهەندی مێژوویی نییە لە حیکایەت و گێڕانەوە ئەفسانەییەکان (لەشکری،2009،100-101).

**تەوەری دووەم/ ئەفسانەی دروست بوونی (گەردون و مرۆڤ و ئاژەڵ) :**

خودا - واتا أهورامزدا - سەرەتا گەردونی دروست کردووە پاشان سەرسامی بەم دروستکراوەی خۆی - مەبەست گەردونە - گرتوویەتی، لە ئەنجامی ئەم سەرسامبوونەوەشەوە ئیبلیس - واتا (أهریمن) – دروستبووە، فارسەکان و زەردەشتیەکان دەڵێن گوایە تەمەنی گەردون (جیهان) لە سەرەتای دروستبوونیەوە تاکو کۆتایەکەی دوانزە هەزار ساڵە (المسعودي،1995،152/3-153؛البیروني،د.ت،20؛آموزگار،1374،13؛عبدی،1397،31) ئەوەش لەسەر بنەمای ژمارەی بورجەکان و مانگەکان دانراوە (البیروني، د.ت ،20 کە بەسەر چوار سەردەمدا دابەشکراوە[3](آموزگار،1374،13)، هەر سەردەمێك بە سێ هەزار ساڵ دانراوە، سەردەمی سێ هەزارەی یەکەم بە خواستی خودا دەڕوات و (أهریمن) لە بوونی جیهان بێ زانیاریە – سەردەمی سێ هەزارەی دووەم ناسراوە بە سەردەمی دروستبوون، لەم سەردەمەدایە کە (أهورامزدا) زەوی و ئاسمان و ئاو و نمونەی یەکەمین مرۆڤ و یەکەمین گیاندار دروست دەکات، ئەوانیش بریتین لە (کیومرث)[4] و ئاژەڵی (گا) ( جی.مناسك و م.سويمی،1398،35/1؛آموزگار،1374،40؛عبدی، 1397،98) - کەواتا جیهان بۆ ماوەی شەش هەزار ساڵ پێش هێرشی أهریمن بوونی هەبووە - دەربارەی یەکەم مرۆڤیش کە ناسراوە بە (کیومرث) دەڵێن خودا - واتا اهورامزدا - سەبارەت (أهریمن) سەری هێندە سوڕماوە، تا ئەو ڕادەیەی کە گشت ناوچەوانی بووە بە ئارەق، کاتێك کە سڕیویەتی و فڕێی داوەتە سەر زەوی و ئیتر (کیومرث)ی لێ دروستبووە، فارسەکان ئەو وەك یەکەم مرۆڤ ناودەبەن و نازناوی (گل شا)یە واتە (شای گڵ)یان لێ ناوە چونکە بەر لە ئەو کەسێکی تر نەبووە (البیروني،د.ت،114)لێنراوە، یاخود لەبەر ئەوەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەکەی ئاو و زەوی وشکانی گرتۆتەوە (کریستین سن،1400،116). نازناوی (گرشاه) یان لێناوە، واتە (شای چیا)، چونکە (گر) بە زمانی پەهلەوی بە واتای چیا دێت و هۆکاریش ئەوە بووە کە ئەو خۆی لە چیا بووە و

لەوێ ژیاوە، ئەو جوانییەکی ئەوتۆی پێبەخشرابوو کە هەر زیندەورێك چاوی پێبکەوتایە سەرسام دەبوو، تەنانەت لە هۆش خۆی دەچوو(البيروني،د.ت،114-115؛تۆفیق،2017،17).

(البيروني)وەك یەکێك لە گەڕیدەکانی سەدەی(5ك/11ز)دەڵێت : " کیومرث لە بەهەشتدا سێ هەزار(3000) ساڵ ماوەتەوە، پاشان هاتۆتەوە سەر زەوی و لەسەر زەویش سێ هەزار ساڵ لە تەناهی و ئارامیدا ماوەتەوە - واتا بۆ ماوەی شەش هەزار(6000)ساڵ بە ئارامی تێپەڕیووە و کە لە ماوەی سێ هەزارەی یەکەم لە بەهەشت ژیاوە و لەو ماوەیە دەرد و نەخۆشی و ناڕەحەتی نەبووە - " (البيروني،د.ت،114-115؛ جی.مناسك و م.سویمی،1398،36/1؛کریستن سن،1400،110-114؛آموزگار،1374،45؛ عبدی،1397،93-97). پاشان گەردون پێ دەنێتە سەردەمی سێ هەزارەی سێیەم، کە لەم سەردەمەدا ململانێ لە نێوان هێزی خێر و شەڕ - واتا لە نێوان أهورامزدا و أهریمن - دروست دەبێت، (أهریمن) بە شێوەی مارێك دێتە سەر زەوی (آموزگار، 1374،43)، بەو هۆیەوە زیندەوەرە زیانبەخش و ژەهراوەیەکان لەسەر زەوی کۆ دەبنەوە و گیا و ڕووەکەکان سیس و وشك دەبن، پاشان هێرش دەهێنێت بۆ(کیومرث)و(گا)،(البيروني) دەڵێت:"(أهریمن) کاتێك هێرش دەهێنێت بۆ (کیومرث) لە سەریەوە دەست دەکات بە خواردنی تا دەگاتە گونی و بۆرێچکەکانی تۆوی نێرینەی داچۆڕاند و دڵۆپێکی لێکەوتۆتە سەر زەوی و ئەو دڵۆپەوە بۆتە هۆی ڕواندنی یەکەم جووت(زوج)ی مرۆڤایەتی چونکە دوو چڵ ڕێواس دەرهاتن، ئیتر لە نێوانیاندا (میشی و میشیانە) پەیدابوون، هاوشێوەی (أدم و حوا) کە پێشیان دەگوترێت (مهلي ومهلیانة)، هەروەها زەردەشتیەکانی خەڵکی خوارزم پێیان دەڵێن (مرد و مردانە)"ە (البيروني،د.ت، 114-115؛جی.مناسك و م.سویمی،1398،35/1؛کریستن سن،1400،17؛آموزگار،1374،45؛ عبدی،1397،93-94؛ هینلز،1391،86). کەواتە (کیومرث) یەکەم شا و یەکەم مرۆڤە، هەروەك چۆن موسڵمانەکان (ادم) بە یەکەم مرۆڤ دادەنێن، یاخود گوتویانە(ادم)ناوێکی دیکەی(کیومرث)بووە هەندێکیش(کیومرث) بە(نوح)یاخود نەوەیانی دادەنێن( تۆفیق،2017،17؛کریستین سن،1400،107)واتا (کیومرث)هەمان(ادم)ە (تەبەری،2010،145/1؛ تۆفیق،2017،17-18)، و لە ئەو دوو منداڵ واتا کچێك و کوڕێك لە دایك بووە، بە ناوەکانی (میشی و میشیانە)،کە هەمان (ادم و حوا)یە.

سەبارەت بە تەمەنی (کیومرث) بۆچونی زۆر و جیاواز هەیە، کەسانێك پێیان وایە کە تەمەنی هەزار (1000)ساڵ بووە، هەندێك دەڵێن لەوە کەمتر بووە (المسعودي،1995،168/3-169؛المسعودي،1938،75؛ هینلز،1391،90-91؛کریستین سن،1400،271). بەڵام ماوەی فەرمانڕەوایەتیەکەی سی ساڵ (المسعودي،1938،7؛کریستن سن،1400،116)، گوتوشیانە حەفتاد ساڵ بووە(اليعقوبي،2010،200/1). تۆوی یەکەم ئاژەڵی دروستکراویش – واتا گا – بە شێکی لە زەوی و بەشێکی لە مانگ دەپارێزرێت و لەوێ هەڵدەگیرێت و لەم ڕووەوەیە شێوەی هیلالی مانگ لە شاخی گا دەچێت ( جی.مناسك و م.سویمی،1398،36/1؛عبدی، 1397،99).

سەردەمی چوارەم سێ هەزارەش یەکسانە بە کۆتای تەمەنی دنیا، کە بە دەرکەوتنی زەردەشت و سێ نەوەکەی تایبەتە، کە یەکسانە بە شکستی (أهریمن)،کە هەزارەی یەکەمی خۆی دەبینێتەوە لە هاتنی زەردەشت و کۆتای هەمان هەزارە هاتنی یەکێك لە کوڕەکانی بە ناوی(اوشیدر)کە لە کچێکی عازەبی تەمەن پانزە(15)ساڵ - واتا بەبێ نوستن لەگەڵ پیاو - لە دایك دەبێت، چونکە ئەم کچە لە دەریایەك خۆی دەشوات کە تۆوی زەردەشتی تێدایە، بەو هۆیەوە دەچێتە ڕەحمیەوە و دووگیان دەبێت (هینلز،1391،103-104؛جی.مناسك و م.سویمی،1398،70/1)، هاتنی ئەم فریادڕەسە کۆتای نەهامەتی و بەدبەختیەکانی مرۆڤ دادەنرێت و خۆشی لە سەر زەوی بڵاو دەکاتەوە، بەڵام پاش ماوەیەك لافاو و زریان ڕوودەدات و

دەرد و نەخۆشی هێرش بۆ سەر زەوی دەهێنن – هەر لەبەر نەهێشتنی ئەم دەردانەیە (أهورامزدا) شا (جم) دروست دەکات (جی.مناسك و م.سویمی،1398،70/1؛عبدی،1397،32)، هەزارەی دووەمیش هاتنی(اوشیدرماە) - بە هەمان شێوەی کوڕی یەکەمی لە دایك دەبێت - و سەردەمەکەی بۆ دوو قۆناغ دابەش دەبێت، قۆناغی یەکەمیان خۆشبەختی و کامەرانی خەڵکە و دووەمیان ئازادبوونی(ضحاك)ە لە زیندانی کێوی(دماوند)(المسعودي،1938،75؛جی.مناسك و م.سویمی،1398،30/1؛توفیق:2017،34) – ، هەزارەی سێیەم و کۆتایش هاتنی(سوشیانس)ە-وەك دوو فریادڕەسەکەی تر لە ڕەحمی کچێك لە دایك دەبێت - (کریستین سن، 1400،25؛ هینلز،1391،106) - ، ناوەکەی بە واتای خۆشی هێنەر دێت (جی.مناسك و م.سویمی،1398،30/1).

**تەوەری سێیەم/ کاریگەری و لێکەوتەکانی ئەفسانەی دروست بوونی (گەردون و مرۆڤ و ئاژەڵ) لەسەر کۆمەڵگا :**

لە دیدی زەردەشتیەکان گا باشترین دروستکراوی سروشتە، پاراستنی ئەو ئەرکێکی پیرۆزە، چونکە هەموو ئەو مادانەی لە جەستەی مرۆڤ و گیانداران دێتە دەر ناپاکە، میزی ئەو پاکترین پاکەرەوەکانە لە لایەکەوە (کریستن سن،1400،53)، هەر بۆیە یەکێك لەو ئەفسانانەی بە هۆی کاریگەری مردنی ئەم ئاژەڵەوە لای پەیڕەوانی ئەو ئایینەوە دروست بووە بریتییە لەوەی ئەگەر ئافرەتێك لە کاتی دووگیانیدا زینا بکات، یاخود کاتێك لە سووڕی مانگانە پاکنەبۆتەوە، ئەوا دەبرێت بۆ ئاتەشگایەك و لەوێ دەبێت لەبەردەم چەند پیاوێکی ئاینییاندا خۆی ڕووتبکاتەوە و پاشان بە میزی مانگا سێ جار خۆی بشوات (الأصطخري،1961،74)، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو  یەکەم ئاژەڵی دروستکراوە - هەر وەك چۆن کیومرث بە یەکەم مرۆڤ دادەنرێت - کە قوربانی بۆ مرۆڤایەتی داوە بە هۆی بەرەنگاربوونەوەی بە ڕەنج و دەرد و هێرشەکانی (أهریمن)، تا دواتر بە هۆی ئەوەوە دەمرێت (هینلز،1391،87). سەرەڕای ئەوەی پێیان وایە مردنی (کیومرث)و(گا)ی یەکەم هۆکارێك بووە بۆ لەدایکبوونی بوونەوەری زیندوو (عبدی،1397،51).

لە دیدی زەردەشتیەکانەوە گەردون بەسەر چوار سەردەم و قۆناغدا دابەشکراوە (البیروني،د.ت،20)، ئەگەر بپرسین هۆکار چیە بەسەر چوار،بۆ بەسەر سێ سەردەم دابەشیان نەکردووە؟دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بەوە دەست پێ بکەین ئەم دابەشکارییە لەسەر بنەمای هاتنی زەردەشت و پاشان دەرکەوتنی سێ نەوەکەی بووە، ئەمەش بۆتە هۆی پیرۆزی بەخشین بە ژمارە چوار، بە واتایەکی دیکە دابەشکردنی گەردون بەسەر چوار سەردەمدا بە هۆی کاریگەری ئایینی زەردەشتییەوە بووە، هەروەها مەرجی پاکبوونەوەی ئافرەت لە سوڕی مانگانە یاخود لە زینا بە خۆشۆردن سێ جار دەکرێت (الأصطخري،1961،74)، بە کاریگەری هاتنی سێ نەوەکەی زەردەشت وەك فریادڕەس لە کۆتایی گەردون دابنرێت. هاوسەرگیری هاوخوێنی (دایك و کوڕ، خوشك و برا) لە ئایینی زەرەشتی دەکرێت بە یەکێك لە کاریگەریەکانی ئەفسانەی دروستبوونی نەوەکانی یەکەم مرۆڤ ( مشی و مشیانە) دابنرێت، لەبەرئەوەی بە پێی ئەم ئەفسانەیە ئەم دوانە خوشك و بران پاشان هاوسەرگیری دەکەن و دەبن بە یەکەم جووت(زوج)لە سەر زەوی (البیروني،د.ت،114-115؛جی.مناسك و م.سویمی،1398،36/1؛کریستین سن،1400،110-114؛ آموزگار،1374،45؛عبدی،1397،93-97)، دور نیە کە بانگەشەکاری ئایینی زەردەشتی بە جۆرێك لە جۆرەکان نەکەوتبێتە ژێر کاریگەری ئەم ئەفسانەیەوە، بەو پێیەی زەردەشت کەسێکی خوێنەر و زیرەك بووە و ئاگای لە ڕوودا و بەسەرهاتەکانی سەردەمی پێش خۆی و سەردەمی خۆشی هەبووە.

فارسەکان لە گشت ڕۆژەکانی ساڵدا چەند ڕۆژێك وەك ڕۆژانی بەختەوەری هەڵدەبژێرن، هەربۆیە هەندێك ڕۆژیش وەك ڕۆژانێکی ڕەش و شووم دیاریدەکەن. بینینی مار لە ڕوژەکانی مانگدا بریار، لە هەندێك بۆچوونیان سەبارەت بەو ڕۆژانە دەدات (البيروني،د.ت،286،357-360؛عبدی،1397،24-25). یەکێکی دیکە لە کاریگەریەکانی ئەفسانەی دروست بوون بریتییە لە نەفرەت کردن و بە شوم دانانی هەندێك لە جۆری زیندەوەر و جانەوەرەکان لە نمونەیان بریتییە لە ( مار)،چونکە لە دیدی زەردەشتیەکانەوە هێزی شەڕ(أهريمن)ە،کە ئامانجی خراپکردنی دنیا و لە ناوچونی دروستکراوەکانی(أهورامزدا)ە،هەروەك چۆن هێزی دواییان ژیان دەبەخشێت،هێزی دووەمیشیان هۆکارێکە بۆ مەرگ،هەربۆیە هەموو نەخۆشیەکان سەرچاوەکەی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە،بۆیە دەتوانێت لە چەند ڕووخسار و بەرگرێکدا بە ئامانجی گەیشتن بە مەبەستەکەی دەربکەوێت،یەکێك لەو شێوانەشی کە خۆی تێدا دەنوێنێت، بریتییە لە دەرکەوتنی وەك مار، هەر بۆیە ئەمە هۆکارێك بووە بۆ دەرکەوتنی چەند ئەفسانەیەك لە بارەیەوە (هینلز،1391،80-81).

**ئەنجام:**

1. بەشێوەیەکی گشتی ئەفسانەکانی تایبەت بە گەردوون لەڕێی تێڕامان لە دیاردەکانی گەردوون و سروشتەوە دروستبوون کە هەوڵدانێکی خەیاڵی بوون بەڵام وەنەبێت شتێکی لۆجیکیشیان تێدا نەبووبێت بۆ تیگەیشتن لە جیهان و دیاردەکان و ڕووداوەکان.
2. باوەڕی میللیی لە ئەنجامی دوو بابەبەتدا ئەگەر دروست نەبووبێت پاڵنەربوون لە زیاتر تەشەنەکردن و بڵاوبونەوەی، ئەوانیش ئەفسانەیە و ئایینن.
3.دانانی یەکەم مرۆڤ بە (أدم) لە ژێر کاریگەری پێکهاتە ئایینیەکانی خۆرهەڵاتی ئیسلامیەوە دروست بووە، لەبەر ئەوەی هەرێمی ناوبراو خاوەن ڕووتەختێکی فراوان بووە و ئایین و ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی پێکەوە لە باوەشی خۆیدا کۆکردۆتەوە، ئەم خاوەن ئایینیانەش بە ویست و ئاگای بوو بێت یاخود بێ ویست و بێ ئاگای کاریگەریان لەسەر یەکتر جێهێشتووە، کە دانانی(کیومرث)دەکرێت بە یەکێك لەم کاریگەریانە دابنرێت.
4.سود وەرگرتن لە کانی و سەرچاوە ئاوییەکان و ڕووەك و گیاکان بە مەبەستی چاکبونەوە لە نەخۆشی و تەندروست باشی ڕاستە بەشێکە لە باوەڕی میللی کۆمەڵگە بەڵام کەم تا زۆر لە ژێر کاریگەری ئەفسانەشدا بووە لە خۆرهەڵاتی ئیسلامی لەبەر ئەوەی لە دیدی خەڵکەکەی کانی و سەرچاوە ئاوی و گیا و ڕووەکەکان لە ئەنجامی شیبوونەوەی جەستەی یەکەم مرۆڤ و ئاژەڵ دروستبوون، واتا ئەنجامی ئەو قوربانیەی ئەوان داویانە بە زیندووبوونەوە و بەخشینی بەرگ و ژیانێکی نوێ و بەخشینی هێز بە جەستە لێکدانەوەی بۆ کراوە.
5. لە دایکبوونی فریادڕەسەکان (اوشیدر، اوشیدرماه و سوشیانس) لە ئایینی زەردەشتی لە کچ، دەکرێت بە هۆی کاریگەری پێکهاتەی ئایینی هەرێمەکەوە بووبێت، لەبەر ئەوەی لە خۆرهەڵاتی ئیسلامی جۆراوجۆری لە پێکهاتەی ئایینەکەیدا هەبووە، کە ئایینی مەسیحی بە یەکێك لەو پێکهاتانەی هەرێمی ناوبراو دادەنرێت کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش دەرکەوتنی زەردەشت و بانگەشەکەی لەوێ، چونکە پەیامبەری ئایینی مەسیحی (عیسی بن مریم)(د.خ) بە بێ باوك واتا بێ ئەوەی پیاو لە دایکی نزیك بووبێتەوە لە دایك بووە.

**پەراوێزەکان**

**1.** واتا "سوێند بە پیتی ن و قەڵەم و ئەوەی دەینوسن".

2. بڕوانە: سورة االنعام : آية 25 ؛ سورة االنفال : آية 1 ؛ سورة النحل : آية 24 ؛ سورة المؤمنين : آية83 ؛ سورة الفرقان : آية5 ؛ سورة النمل : آية 68 ؛ سورة االحقاف : آية 17 ؛ سورة القلم : آية15 ؛ سورة المطففين :آية 13.

3. نوسەرانی - پگاه خدیش و فریده داوودی مقدم - پەڕتوکی(الگوهای روایی افسانەها و اسطورەهای ایرانی) دەربارەی دابەشکردنی سەردەمی گەردون کەوتونەتە هەڵەوە، بەوەی سەردەمەکەیان بە سێ سەردەم دیاریکردووە، لە کاتێکدا خۆی چوار سەردەمە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ وردنەبوونی نوسەرانی ناوبراو سەبارەت بە مێژووی خۆیان بە شێوەیەکی گشتی. توێژەر

4.اليعقوبي بە(شيومرث)ناوی هێناوە(تاريخ اليعقوبي،2010،200/1). (المسعودي)یش بە(جيومرت)ناوی هێناوە(التنبية و الاشراف،1938،75).

لیستی سەرچاوەکان

قورئانی پیرۆز

کتێبی پیرۆزی ودا(گزیده سرودهای ریگ ودا(قدیمترین سند زنده مذهب و جامعه هند)،ت/محمدرضا جلالی،چـ4،(تهران:1372)).

سەرچاوە ڕەسەنەکان بە زمانی عرەبی

إبن حوقل: محمد بن حوقل البغدادي الموصلي، أبو القاسم (ت بعد ٣٦٧هـ)

1. صورة الأرض،(بيروت:1979).

ابن رستة: أبو علي أحمد بن عمر ابن رسته (ت 300 هـ)

2.الاعلاق النفيسة،تصنيف/أبى على أحمد بن عمر،(ليدن:1891).

ابن منظور: محمد بن مكرم بن على، أبو الفضل، جمال الدين ابن منظور الأنصاري الرويفعى الإفريقى (ت ٧١١هـ).

3.لسان العرب.( بيروت:د.ت).

الأصطخري: أبو اسحاق إبراهيم بن محمد الفارسي الاصطخري، المعروف بالكرخي (ت ٣٤٦هـ)

4. المسالك و الممالك،تحـ/محمد جابر عبدالعال الحينى،(القاهرة:1961).

البيروني:أبو الريحان محمد بن أحمد البيروني الخوارزمي(ت440ھ )

5.الآثار الباقية عن القرون الخالية،تح/پرويز اذكائي،(د.ت.م).

الحموي: شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت بن عبد الله الرومي الحموي (ت ٦٢٦هـ)

6.معجم البلدان،(بيروت:1977).

أبو دلف: مسعر بن المهلهل
7.الرسالة الثاني،تح/مريزن سعيد مريزن عسيرى،(السعودية:1995).
الفراهيدي: أبو عبد الرحمن الخليل بن أحمد بن عمرو بن تميم الفراهيدي البصري (ت ١٧٠هـ)
8.العين،تحـ/مهدي المخزومي و ابراهيم السامرائي،(بيروت:د.ت)
المسعودي: أبو الحسن على بن الحسين بن على المسعودي (ت ٣٤٦هـ)
9.مروج الذهب ومعادن الجوهر،تح/كمال حسن مرعي،(السعودية:1995).
10.التنبية و الاشراف،تصـ/عبدالله اسماعيل الصادق،(د.م:1938).
المقدسي:أبو عبد الله محمد بن أحمد المقدسي البشاري (٣٨٠ ه )
11.أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم،وضع حواشيه/محمد أمين الضناوي،ط1(بيروت:2003).
الهمداني: أبو محمد الحسن بن أحمد بن يعقوب بن يوسف بن داود الشهير بالهمداني (ت ٣٣٤هـ)
12.البلدان،(ليدن:1302).
اليعقوبي: أحمد بن إسحاق (أبي يعقوب) بن جعفر بن وهب بن واضح اليعقوبي (ت بعد ٢٩٢هـ)
13.البلدان،وضع حواشيه/محمد أمين الضناوي،(بيروت:د.س).
14.تاريخ اليعقوبي،تحـ/عبد الامير مهنا،(بيروت:2010).
سەرچاوە ڕەسەنەکان بە زمانی کوردی
تەبەری : ئەبو جەعفەر کوڕی محەمەد کوڕی طبری (310 ك)
15.مێژووی تەبەری،و/زانەر محمد،چ1،(سلێمانی:2010).
کتێبە نوێکان بە زمانی عەرەبی
الأجتماعية: جمعية الأجتماعية التجديد الثقافية الأجتماعية
16.الاسطورة توثيق حضاري،(دمشق:2009).
ألبيديل:م.ف.ألبيديل
17.سحر االساطير،ت/حسان ميخائيل اسحق،(دمشق:2004).
كريمر:سموئيل نوح كريمر
18.الاساطير السومرية،ت/يوسف داوود عبدالقادر،(د.م :2021).
مظهر: سليمان
19.اساطير من المشرق،ط1،(القاهرة:2000).

کتێبە نوێکان بە زمانی فارسی

آموزگار: ژالە

20.تاریخ اساطیری ایران،چ1،(تهران:1374).

هینلز : جان

21.شناخت اساطیر ایران،ت/ژالە آموزگار و احمد تفضلی،چ3،(تهران:1391).

جی.مناسك و م.سویمی:

22.اساطیر ملل آسیائی،(د.م.ت).

راوندی: مرتضی

23.تاریخ اجتماعی ایران،چ1،(استکهلم:1997).

عبدی: فرزانه

24.باورهای کهن ایرانیان،چ1،(تهران:1397).

کریستین سن:آرتور

25.نمونەهای نخستین انسان و نخستین شهریار در تاریخ افسانەای ایران،ت/ژالە آموزگار،احمد تفضلی،چ8،(تهران:1400).

گلشیری:.

26.ما و جهان اساطیری،چـ4،(تهران:1401).

مسکوب: شاهرخ

27.درآمدی بە أساطیر ایران، چـ5،( (تهران:1401).

مهرداد: بهار

28.پژوهشی در اساطیر ایران،چـ4،(تهران:1381).

کتێبە نوێکان بە زمانی کوردی

تۆفیق: زرار صدیق

29.نەورۆزی کوردستان لە ئەفسانەوە بۆ مێژوو،(هەولێر:2017).

کڵۆس: پیتەر

30.ئەنترۆپۆلۆژی کلتوری،و/خەلیل محەمەد شڵماشی،چـ1،(سلێمانی:2002).

لەشکری: حەیدەر

31.وێنەی کورد لە زانینی مێژوویی ئیسلامیدا،و/محەمەد تاتانی،(سلێمانی:2009).

نامە ئەکادیمیەکان

حەسەن: مەولود ئیبراهیم

32.پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی،نامەی ماستەر،(زانکۆی سەلاحەددین:2007).

گۆڤارەکان بە زمانی فارسی :

مومنی: خورشید

33. بهداشت و درمان در ایران باستان،دانش و مردم سال پنجم خرداد و تیر 1383 شماره 3 و 4.

**الملخص:**

منذ أن بدأت الخليقة، واكبت الأسطورة كافة مراحل حياة الإنسان، ولا يزال الكثيرون يؤمنون بها حتى في هذا العصر الزاخر بالتطورات العلمية والتكنولوجية الهائلة. فكل أسطورة تحتوى مجموعة من المعتقدات والحِكَم والأمثال التي تمُثل أصحابها، أي الشعوب المؤمنين بها، حيث أن لكل شعب أساطير خاصة بها، و حتي الشعوب التي وصلت إلى قمة التقدم الحضاري ، شأنهم شأن الأمم المتخلفة، لهم أساطير و معتقدات خاصة بهم. وعلي هذا الأساس بإمكاننا أن نُعَرِّف الأسطورة على أنها وسيلة للتعبير عن الرغبات و الأفكار التي تكمن داخل النفس الإنسانية والصور التي تظهر نتيجة الدوافع التي تكمن في أعماق النفس البشرية ومن ثم تقوم بتحفيز و إثارة الأفكار الإنسانية و التي تشبه إجمالاً ما يحصل للمرء حينما يرى الكثير من الصور التي تتجسد في ذهنه من خلال الأحلام التي يراها في منامه والتي تتحول في النهاية إلى نوع من القصة. و على أية حال، فإن الأساطير تمثل جزءاً كبيراً من التراث القومي لأية أمة والتى تتناقلها معظم الناس جيلا بعد جيل بحيث تمتزج و بشدة في أعماق أنفسهم و عقولهم إلى درجة أنها تصبح جانباً فعالاً من البنية الفكرية والروحية التي تهيمن بالأخرى على الكثير من النواحي الخاصة بحياة عامة الشعب.

ومن دون شك فإن تلك الأساطير لها بعض الأسس الحقيقية ، إلاّ أنه وبمرور الزمن فإن الفكر الإنساني قد منحها طابعاً خياليا مما جعلها بعيدة عن الحقيقة والواقع. إن الشخصيات الأسطوريه بصورة عامة لدى أي شعب تشمل نماذج متشابهة الى حد كبير حيث تتضمن إجمالاً شخصيات إلهية خلّاقة, وأبطال ذوي قوى خارقة، أو شخصيات رومانسية غارقة في مسائل العشق والهيام ، وقد تشمل شخصيات كوميدية أو أخلاقية. إلاّ ان أقدم الشخصيات الأسطورية التي إبتدعها فكر وخيال الإنسان كانت الشخصيات الإلهية القادرة على الخلق. ولهذا نرى الكثير من الأساطير والخرافات التي تصور و تروي قصة ظهور الإنسان و كذلك القصص الخيالية التي تصف كيفية نشوء الأرض والسماء ومن ثم ظهور الكائنات الأخرى بجميع أنواعها و أشكالها المختلفة و بالأخص الإنسان الذي عمّر الأرض.

يتكون هذا البحث من ملخص (متوفر أيضًا باللغتين العربية والإنجليزية)، ثم مقدمة، تليها الموضوعات الرئيسية الثلاثة للبحث. وأخيراً تم عرض النتائج و الحواشي وقائمة مصادر البحث. خصصنا المحور الأول لتعريف مفهوم الأسطورة، و قد قمنا في المحور الثاني بمناقشة أسطورة الخلق ( خلق الكون، الإنسان والحيوان). أما في المحور الثالث و الأخير فقد تم عرض أثر و عواقب أسطورة الخلق على المجتمع.

**Summery**:

Since creation began, myths had accompanied all stages of human life, even in this era of the tremendous scientific and technological developments many people still believe in them. Every myth contains a set of beliefs, sayings, and proverbs that represent its owners, that is, different peoples of the world who believe in it, as each people has its own myths, and even the peoples that have reached the pinnacle of civilizational progress, have their own myths and beliefs, as backward nations do.

On this basis, we can define myth as a means of expressing the desires and ideas that lie within the human soul, and the images that appear as a result of the motives that deeply lie inside the mankind soul, which in turn stimulate and arouse human ideas, which are generally similar to what happens to someone whenever he sees many images that may embody in his mind through the dreams he may see when sleeping, which eventually turn into some kind of stories. In any case, myths represent a large part of any people's heritage that passes down from generation to generation, so deeply that will become embedded in their souls and minds in such a way that they become an effective aspect of the intellectual and spiritual structure that dominates many aspects of people's public life. Surely, these myths have some real foundations, but over time, human thoughts have given them an imaginative character, making them far from truth and reality. In general, mythical characters in any people's legends include very similar models, as they generally about creative divine figures, heroes with supernatural powers, or romantic characters immersed in matters of love and passion. Sometimes, they may include comedic or moral characters.

However, the oldest mythical figures created by human thoughts and imagination were the divine figures capable of creation. This is why we see many myths and legends that depict and tell the story of the emergence of man, as well as imaginary stories that describe how the earth and sky emerged and then how other beings of all kinds and different forms, especially the human being had emerged and inhabited the earth.

This research consists of a summary (Also available in Arabic and English), then an introduction, followed by the three main topics of the research. Finally, the results, footnotes, and a list of research sources are introduced .The first topic is devoted to defining the concept of myth; the second topic discusses the myth of creation (creation of the universe, the man and animals). The third and final topic, presents the impact and consequences of the creation myth on society.